### لێدوان وردەکاری رێژەی ئاوارەکانی بناری قەندیل وزەرەرو زیانە گیانی و مادیەکانیان بلاو دەکاتەوە

# ٣٤ گوند ئاوارە بوون کە بریتین لە ٣٥٨ خیزان کە ١٨٤٧ هاولاتین و بە دەیان خێزانیش زیانی گیانی و مالیان لێکەتوە



**تایبەت بە لێدوان**

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە دەست لێدوان کەوتوون و لە ئەنجامی هێرشە سەربازیەکانی سوپای تورکیا بۆ سەرگوندەکانی بناری قەندیل تائێستا ( ٣٤ )گوند ئاوارە بوون کە ( ٣٥٨ ) خیزان پێك دێنن و بریتین لە (١٨٤٧ ) هاولاتی، ئەمەو قوتابخانەیەکی چوار پۆلی لە گوندی قەلاتوکان کە تازە دروست کرابوو چاوەرێی وەرگیران بوو، بە تەواوەتی وێران بوەو دوو خانووی مامۆستایان زیانیان پێگەیشتوە هەروەها مزگەوتی قەلاتوکان کە تازە دروست کرابوو لەگەل مزگەوتی گوندی بۆلی زیانیان پێگەیشتوە ئەمەو هاولاتیەك بە ناوی ( عائیشە عالی ئیبراهیم ) کە لە تەمەنی (٥٢) سال بووەو خەلگی گوندی دوو گۆمانە بە هۆی ئاژەلدارییەوە لەگوندی ئەستێرۆکان نیشتەجێ بووە شەهید بووەو چوار کەسی تر بریندار بوون بە ناوەکانی ( مخلص محمد شێخە ، سەفەر حسن ئەحمەد ، سۆزان مشیر جلال ، هاجرە عباس رسول ) ئەمە جگە لە زەرەرو زیانێکی زۆری مادی کە هەر یەك لە هاولاتیان (محمد شێخە خەلکی گوندی دوگۆمانە و لە گوندی ئەستێرۆکان نیشتەجێ بووە ١٥٠ سەرمەر و ١٥ بزنی لێکوژراوە و ١ رەشماڵ و هەندێ کەلوپەلی ناو مالی لی خەراپ بووە، خدر ئەحمەد فەقێ خەلکی گوندی ئەستێرۆکان ١٥٠ مەر و ١٥ سەر بزن و یەك وولاخی لە ناو چووە، مێر ئەحمەد موسی خەلکی گوندی قەلاتوکان خانوەکەی وێران بووە و ١٠٠ مەر و ١٠ سەر بزن و مانگای لە ناو چووە، جلال حمد ئەحمەد موسی خەلکی گوندی ئاشقولکەیە ١٢ مانگای لە گوندی قەلاتوکان لی لە ناو چووە، عوسمان رەسول عەلی خەلکی گوندی برەدێ خانوو پرۆژەی ماسی زیانی پێگەیشتوە. هەروەها هەر یەك لە هاولاتیان (ئیسماعیل حسن ئیسماعیل، لیلی ئیسماعیل غفور، مشیر جلال غفور ،شوانە مشیر جەلال، مخلص خدر ئیبراهیم ، حسن ئیبراهیم حسن ، رەسول خدر ئیبراهیم ، عزیز حسن ئیبراهیم ، حسێن ئیبراهیم حسێن ، موسێ حسێن ئیبراهیم ، مینە ئیبراهیم حسن ، عەبداللە ئیبراهیم حسن ، علی ئەحمەد حمەد ، حمدئەمین ئەحمەد حمەد ئەمین ، حمەد ئەمین عومەر ئەحمەد ) خانویان لی وێرن کراوە و کەلوپەلێکی زۆری ناو مالیان لە ناو چووە

پێویستە بگوترێت لە دوای هێرشی ئاسمانی فرۆکەکانی تورکیا بۆ سەر بناری قەندیل کە لە شەوی ١٥/١٦/١٢/٢٠٠٧ بە بیانووی بۆردومان کردنی بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکاران ئەنجام درا زەرەرو زیانێکی زۆر بەر هاولاتیانی ئەو ناوچانە کەوتەوە




## کارکردن لە مێژوودا

جیاواز لەو پێناسە تەقلیدیەی کە مێژوو بە رووداوو تۆماری ساتەکانی رابردوو ناو دەبات، دەکرێت مێژوو پەیوەندیەکی گرێدراوی بە کارو کردەوەی رۆژانەمانەوە هەبێت، هەروەها لە چوارچێوەی پرۆسەی گەشەکردنو بوونی ئێمەشدا، لە رۆلو تێفکرینو رەنگدانەوەی کارەکانمان، نزیك بێتو هاوتەریبی ئاراستەی رووداوەکان بێت، بەو واتایەی کە مێژوو جیاواز لە نوسینەوەی روداوەکان، دەکرێت رەنگدەرەوەی دروستکردنی رووداوەکان بێت، بەو ئاقارەی کەتا چەند دەتوانرێت ئەو رووداوو حالەتە، کاریگەری هەبێتو شتێك بە دوای خۆیدا بە جێبێلێت، تا چەند دەتوانێت لە جیاوازیەوە بروانێتو خاوەنی تایبەتمەندیەکی خۆی بێت، جا ئیتر ئەمە لە پرۆژەیەکی فکریو مەعریفیدا بێت وەك تیزێکی هزری، وەك دەقێکی زیندوو، وەك داهێنانو ناوازەبوونو دۆزینەوەیەکی دیار لە یەکێك لە بوارەکاندا، یان لە هەر کارو کردەوەیەکی ژیانی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوریانەوە بێت، کە مانایەك بە خۆی بدات. بە واتایەکی تر مێژوو هەر نوسینەوەی رووداوەکان نیە، وەك ئەو شتانەی کە روو دەدەن و رویانداوە، بە تای ئەوەی پرسیارە لەوەی، کە تا چەند لە تەقلیدو سوانەوە دەردەچین، چونکە کاتێك بە یەك رەنگو بە یەك دەنگو بەیەك شێواز دەردەکەوینو کار دەکەین، ئەوا دووبارەی روداوەکانی دوێنی دەکەینەوە، بەوەش مێژوو لە خالێکدا دەوەستێتو مانایەکیش بۆ جیاوازی نامێنێت. لە راستیدا مێژوو بە دەر لە هەموو شێوازو رەنگە لێك جیاکانی، گوزارشتێکیشە لەسەر کارکردنی ئێمە لە پرۆسەی دروستکردنی مێژوودا، چونکە دواجار ئەوە ئێمەین کارەکتەری سەرەکی رووداوەکانی ژیانی خۆمانین، دەتوانین خەیال پەروازی بکەینو داهێنان بکەین، دەتوانین لە دەرەوەی ئەو لاپەرە زەردانەی کە مێژووی خوێنو وێرانیمان بۆ دەگێرنەوە، کار لەسەر پەرێزو مێژوویەکی جوانی خۆمان بکەین لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئایندەمان، بۆ ئەمەش لە لایەك پێویستمان بە کۆنتاکتی خۆمان هەیە لەگەل ئەو پرۆسەیەدا کە چی دەکەینو چی بە جێ دێلین، لە لایەکی تریش لەسەر چۆنیەتی کارو رەفتارو فکرو روئیامان، لەسەر رۆلو ئەركو مافی ئێمە وەك هاولاتیەك، کە تا چەند توانراوە لەدەرەوەی سیستەمە کەلتووریو سیاسیو پەروەردەییەکانی کۆمەلگادا بونێکی هەبێت؟ تا چەند توانیومانە لە بێدەنگیو هەستی دەروێشانە بێینە دەرو لە دەرەوەی تەماشا کردنو چاوەروانیەوە کار بکەین؟ تا چەند قبولی رەخنە دەکەین، وەك ئامرازێك بۆ گەشەکردن، تاچەند هزرو تێرامانو پرسیار دەکەینە بەشێك لە ژیانمان؟ لە راستیدا مێژوو هەر بە تەنێ نوسینەوەی رووداوەکان نیە وەك ئەوەی (مسعودی) کردیو نووسی. بە تای ئەوەی لە دەرەوەی مێژوونوسەکان، هەولێکە بۆ شکاندنی ئەو بازنەو عەقلە کۆنکرێتیانەی،کە هەموو جیاوازیەکان لە پێنتێکدا دەئاخنێو هەموو پرسیارکانیش لە چوارچێوەی وەلامێکدا دەخولێنینەوە

# را پۆرتێك دەربارەی دواین هەوالەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

**ئا : دیاری محمد**

دوای ئەوەی لە ٣٠/١١/٢٠٠٧ لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، دیوانی سەرۆکایەتی کۆنگرەی گەلی کوردستانو کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان جارنامەیەکی ئاشتیان بلاو کردەوە کە چەندخالێکی لەخۆ گرتبوو، بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، بلاوکردنەوەی ئەم جارنامەیە دوای دوو رۆژ هات کە حکومەتی تورکیا سوپای سەرپشك کرد کە دەتوانێت سنوری کوردستان ببەزێنێت. شەوی ١٥/١٦/ ١٢/٢٠٠٧ ژمارەیەك فرۆکەی تورکی ئاسمانی هەرێمی کوردستانیان بەزاندو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك گوندەکانی قەندیلیان بۆردومانکرد، ئێوارەی رۆژی ١٦/١٢ ناوەندی راگەیاندنی هێزی پاراستنی گەل کە بالی سەربازی پەکەکەیە، کوژرانی (٥) چەکداری پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی پشتراست کردەوەو ئاماژەشی بە برینداربوونی دوو چەکداری تر کرد، پارتی ژیانی ئازادی کوردستانیش کە پارتێکی سیاسی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لە روونکردنەوەیەکدا سەبارەت بە بۆردومانی قەندیل، کوژرانی (٥) چەکداری خۆی بلاو کردەوەو ئاشکرایکرد کە دوو چەکداریشی بریندار بوون، ئەندامێکی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەش رایگەیاند، هێرشەکە پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی بە ئامانج گرتوەو پەکەکە لەم هێرشەدا بێ زیان بووە، لە بەشێکی تری رونکردنەوەی پارتی ژیانی ئازاددا هاتوە کە پژاك بەرامبەر ئەو هێرشانە بێ وەلام نامێنێتەوە، تەئکیدیش لەوە دەکاتەوە کە پێشتر ئەوەمان بەرای گشتی راگەیاندووە کە پەکەکە قەندیلی چول کردووە، رەخنەش لە ئەمریکا دەگرن کە بۆچی ئیستخباراتی ئەمریکا ناوەراستی گوندی لێوژەو قەلاتوکانو سورەدێی بە ئامانج گرتووە، لە راگەیانراوەکەی هێزی پاراستنی گەلیش ئاماژە بەوە کراوە کە بەهۆی بۆردومانەکە ئافرەتێك شەهید بووەو ئافرەتێكو کچێك بریندار بوون، سەبارەت بەو هەوالانەش کە لەمیدیاکانی تورکیا بلاو دەکرێنەوە گوایە لەهێرشەکەی شەوی ١٥/١٦/ ١٢ (موراد قەرەیلان)ی سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە کوژراوە، سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەکەکە رایگەیاند کە تورکیا ئامانجەکەی نەپێکاوەو موراد قەرەیلانیش سەلامەتەو پروپاگەندەکانی تورکیاش دورن لە راستیەوە، شایانی وتنە پارتی کرێکارانی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەبدوللا ئۆجەلان لە سالی ١٩٨٤ خەباتی چەکداری دەستپێکردووە، تا سالی ٢٠٠٦ یش پێنج جار ئاگربەستی یەکلایەنەی راگەیاندووە، لە سالی ١٩٩٩ش عەبدوللا ئۆجەلان سەرۆکی ئەو پارتە رفێنراوەو تا ئێستا لە زیندانە، بەلام ئەم پارتە خاوەنی چەندین هەزار گەریلایەو لەناو کوردەکانی باکوردا هەوادارێکی زۆریان هەیە، ئەمەو زۆربەی پێگە سەربازیەکانیشیان لەناوەوەی خاکی تورکیایە.



### بەلێنی دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانیان پێدرابوو

# ئەو ئاوارانەی لە ترسی بۆردومانەکانی تورکیا روویان لە ناوچەکانی سۆران کردووە، تەنها یەك بەرمیل نەوتیان پێ دراوە

**سۆران: ئیسماعیل شەمزینی**

لە درێژەی بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا، بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستانو گەیاندنی زەرەرو زیانێکی زۆر بە هاولاتیە گوندنشینەکانی ئەو ناوچانە، رۆژانەو بە شێوەیەکی پچر پچر بۆردومانی ناوچەکانی سنوری قەندیلو کارۆخو ئامێدیو زاخۆ دەکەنو ئەوەش ترسو نیگەرانی زۆری لای هاولاتیانی گوندنشینی ئەو ناوچانە دروست کردووەو بەشێکیش لەو هاولاتیانە ئاوارە بوون، یان بۆ ناوچە ئارامەکان رۆیشتوون، ئەمەش لە کاتێکدایە کە سورانەوەی فرۆکەکانی تورکیا بەسەر ئاسمانی کوردستان بەردەوامە، لە دوای بۆردومانی یەکەم کە زەرەری گیانیو ماددی بە هاولاتیانی سڤیلی ناوچەی قەندیل گەیاند، لە سەردانی هەر یەك لە سەرۆکی هەرێمو پارێزگاری هەولێر بۆ سنورەکانی دۆلی بالەییانو برادۆستو لەو سەردانەشیاندا ئەوەیان دوپات کردەوە کە بە هەموو شێوەیەك هاوکاری ئەو هاولاتیانە دەکەن کە بە هۆی بۆردومانەکانەوە ئاوارە بوونو باس لە کردنەوەی کەمپێك لە سۆران کرا، ئەویش بۆ هەر حالەتێکی کتو پر کە لە کاتی بۆردومانەکان روو بدات، بەلام ئەوەی جێی باسە تا ئێستا کار بۆ ئەو کەمپە نەکراوە، ئەوەش مایەی سەرنجە کە رۆژانە هاولاتیان لە ناوچە جیاجیاکانو گوندەکانی سەر سنور دێنەوە بۆ ناوچە ئارامەکان، بۆیە پەلە کردن لە کردنەوەی کەمپو دابینکردنی هەموو پێداویستیە سەرەتاییەکانی زۆر پێویستە، ئەوەش وەك ئامادەکارییەك بۆ گرتنەوەی ئەو هاولاتیانەی لە ترسی بۆردومانەکان ئاوارە دەبن، لە لایەکی دیکەشەوە لە سنوری خواکورك لە دوای کشانەوەی سوپای تورکیا لە رۆژی یەکەمی جەژنو گەرانەوەی ئەو هاولاتیانەی کە بەو هۆیەوە ناوچەکانیان جێهێشتبوو، ئێستا ئەو گوندنشینانە بە دەست کەمی سوتەمەنییەوە دەنالێنن، هاولاتیانی گوندی رکاوەو لێلکان پێیان راگەیاندین کە ئەوان یەك بەرمیل نەوتیان وەرگرتووە، ئەوەش بۆ بەسەر بردنو گوزەراندنی زستانە ساردو سەرەکەی ئەو ناوچەیە کە ئێستا ٨ سم بەفر لە ئەرزەو پلەی گەرما لە شەودا بۆ ٧ پلەی ژێر سەدی دادەبەزێت، ئەم نەوتە زۆر کەمەو ئەوان بۆ ئەم وەرزە سەختە پێویستیان بە زیاتر لە ٦ بەرمیل نەوت هەیە، بۆیە ئەوان گلەییان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کرد کە لە رووی سوتەمەنییەوە هاوکاریان ناکرێت،

شایانی باسە لە ماوەی ئەم چەند رۆژەی کە فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا ئاسمانی هەرێم دەبەزێننو گوندەکانی کوردستان بۆردومان دەکەن، زەرەرو زیانی زۆری گیانیو ماددی بەر هاولاتیانی سڤیلی دانیشتوی ناوچەکانی قەندیلو کارۆخو خواکوركو بادینان کەوتووە، هەر بەو هۆیەشەوە زیاتر لە ٦٥٠ خێزانی ئەو ناوچانەش ئاوارەی قەزاکانی چۆمانو رانیەو قەلادزێ بوون.

